ISSN: 1994-4217 (Print) 2518-5586(online)

Journal of College of Education

Available online at: https://eduj.uowasit.edu.iq

# Ethics and the Interpretation of History in the Quran

**Resea. Mariwan Abdul Abdala Hamarashid**

**Dr. Kaiwan Azad Anwar**

**College of Humanities / University of Sulaimani**

**Email:**
mariwan.hamarashid@univsul.edu.iq
Kaiwan.anwer@univsul.edu.iq

***Keywords:***

**Quran, Humanity, Ethics, history, deriving lessons.**

CC BY

**A r t i c l e  i n f o**

***Article history:***
Received 10.Sep.2025
Accepted 15.Oct.2025
Published 28.Nov.2025

## A B S T R A C T

Ethics constitutes a fundamental principle in the Quran. Following faith, emphasis has been placed on virtuous ethics while discouraging immoral conduct. History is one of the principal subjects that occupies extensive coverage in the Quran. The Quran's purpose in discussing history is not to refer to the minute details of events; rather, its objective and the rationale for this emphasis are clearly defined: to derive lessons and learn from historical events. Its discussion of historical figures aims to make these personalities exemplars and pioneers in virtuous conduct, or to serve as cautionary lessons whereby the consequences of their wrongdoings become known as examples of ruin and downfall. The Quran refers to the fate of previous nations, whose advancement was attributed to their virtuous ethics and adherence thereto, while conversely, the cause of their destruction and collapse resulted from their wrongdoings and corruption in various aspects of life. The Quran has established the foundation of human morality upon the principle of free will and choice, because ethics is intrinsically connected to freedom and human free will. If humans were not free in choosing their actions, they would undoubtedly bear no moral responsibility. Therefore, upon careful examination of the Quran, it becomes evident that it interprets history and past events from an ethical perspective and seeks to give an ethical orientation to historical events.

© 2025 EDUJ, College of Education for Human Science, Wasit University

**DOI:** https://doi.org/10.31185/eduj.Vol61.Iss3.5083

# الأخلاق وتفسير التاريخ في القرآن*

الباحث: مريوان عبدول عبدالله حمەرشيد المشرف: أ.د. كيوان آزاد أنور
جامعة السليمانية ـ كلية التربية للعلوم الإنسانية جامعة السليمانية ـ كلية اللعلوم الإنسانية

*بحث مستل من أطروحة الدكتوراه

**الخلاصة**

الأخلاق تمثل ركيزة أساسية في القرآن الكريم، حيث أولتها النصوص القرآنية اهتماما بالغا بعد قضية الإيمان، فحثت على مكارم الأخلاق ونبذت مساوئها. كما يشكل التاريخ أحد الموضوعات المحورية التي احتلت مساحة واسعة في القرآن. لم يقصد القرآن من سرد الأحداث التاريخية مجرد الإشارة إلى التفاصيل والوقائع، بل كان هدفه ومبرر اهتمامه محددا وغائيا، ألا وهو الاعتبار والاتعاظ بالعبر المستفادة من أحداث الماضي. وكذلك، فإن سرد شخصيات التاريخ لم يكن لمجرد السرد، بل ليكونوا نماذج يحتذى بها في التحلي بالفضائل، أو ليصيروا عبرة تذكر بمصير أعمالهم السيئة التي أدت إلى هلاكهم ودمارهم. لقد أشار القرآن الكريم إلى مصير الأمم السابقة، موضحا أن سبب تقدمها وازدهارها كان أخلاقها الحميدة والتزامها بها، وفي المقابل كان سبب انهيارها واندثارها نتيجة أعمالها الفاسدة وظلمها. وفي مختلف مجالات الحياة، أقام القرآن أساس الأخلاق للإنسان على مبدأ الإرادة الحرة والاختيار؛ لأن الأخلاق ترتبط ارتباطا جوهريا بحرية الإنسان وإرادته. فإذا لم يكن الإنسان حرا في اختيار أفعاله، فلا تكليف عليه ولا مسؤولية أخلاقية. و بالتالي، إذا أمعن النظر في القرآن، يتبين أنه قد قرأ التاريخ وأحداث الماضي من منظور أخلاقي، بل ويريد أن يوجه أحداث التاريخ توجيها أخلاقيا.

**الكلمات المفتاحية:** القرآن، الإنسان، الأخلاق، التاريخ، العبرة.

# ئەخلاق و ڕاڤەکردنی مێژوو لە قورئاندا*

* توێژینەوەی هەڵێنجراو لە تێزی دکتۆرا

خوێندکار: م.ی. مەریوان عبدول عبدالله حمەرشید سەرپەرشتیار: پ. د. کەیوان ئازاد ئەنوەر
کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی

**پوختە**

ئەخلاق بنەمایەکی سەرەکییە لە قورئاندا، دوای باوەڕهێنان جەخت لە ئەخلاقە جوانەکان کراوەتەوە و ڕێگری لە ئەخلاقە خراپەکان کراوە، مێژووش یەکێکە لەو پرسە سەرەکییانەی کە لە قورئاندا پانتاییەکی فراوانی گرتۆتەوە، مەبەستی قورئان لە باسکردنی مێژوو ئاماژەدان نییە بە وردەکاری ڕووداوەکان، بەڵکو مەبەستەکەی و هۆی بایەخپێدانەکەی دیاریکراوە، کە پەندلێوەرگرتن و وانە وەرگرتنە لە ڕووداوە مێژووییەکان، باسکردنیشی لە کەسایەتییەکانی مێژوو، مەبەست لێی ئەوەیە ئەو کەسایەتیانە ببنە هیمایەک بۆ پێشەنگی لە ڕەوشتە جوانەکاندا، یان ببنە وانەیەک و چارەنووسی کارە خراپەکانیان بزانرێت کە ڕووە و تیاچوون بووە. قورئان ئاماژەی بە چارەنووسی گەلانی پێشوو کردووە، کە هۆکاری پێشکەوتنیان ئەخلاقی جوان و پابەندبوونیان بووە پێوەی، لە بەرامبەریشدا هۆکاری تیاچوون و داڕووخانیان ئەنجامی کارە خراپەکانیان و گەندەڵیان بووە، لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا. قورئان بناغەی ئەخلاقیبوونی مرۆڤ لەسەر بنەمای ویستی ئازاد و هەڵبژاردن دامەزراندووە، لەبەر ئەوەی ئەخلاق پەیوەستە بە ئازادی و ویستی ئازادی مرۆڤەوە، چونکە ئەگەر مرۆڤ ئازاد نەبێت لە هەڵبژاردنی کردارەکانییدا، بێگومان هیچ ئەرکێکی ئەخلاقی لەسەر نابێت. بۆیە ئەگەر بەوردی لە قورئان بڕوانرێت مێژوو و ڕووداوەکانی ڕابردووی لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقییەوە خوێندۆتەوە و دەیەوێت ئاراستەیەکی ئەخلاقیش بدات بە ڕووداوەکانی مێژوو.

**کلیلە وشە:** قورئان، مرۆڤ، ئەخلاق، مێژوو، پەندوەرگرتن.

**پێشەکی**

پرسی ئەخلاق و مێژوو دوو پرسی گرنگن لە قورئاندا، کە هەردووکیان بایەخێکی زۆریان پێدراوە، جگە لەوەی گرنگیان پێدراوە، پەیوەندیش لە نێوانیاندا هەیە و ڕووداوە مێژووییەکان، لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقی باڵاوە خوێندنەوەیان بۆ کراوە، تاوەکو ئەزموونی ڕووداوەکانی ڕابردوو و ئەزموونی مرۆڤەکان ببێتە هۆکارێک تا سوود بە نەوەکانی داهاتوو بگەیەنن، ڕێگای ژیانیان بۆ ڕۆشن ببێتەوە و ئەو شتانەی، کە ناتوانن لە ژیانی خۆیاندا تاقیبکەنەوە، لە ئەزموونی ڕابردووی گەلانەوە پەی پێ بەرن، هەر بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدرێت شیکاری زانستی بۆ چەند لایەنێکی ئەم دوو چەمکە بکرێت و پەیوەندی نێوانیان بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە، دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیدانی قورئانی پیرۆز بە پرسی ئەخلاق و مێژوو وەك دوو پێدراوی گرنگ بۆ زانینی ڕووداوە مێژووییەکان و ڕاڤەکردنیان بەپێی ئەو یاسا و ڕێسایانەی خوای گەورە لەدەقەکانی قورئاندا و لەڕوانگەی ئەخلاقییەوە ئاماژەی پێداون. هاوکات لەبەرئەوەی تاوەکو ئێستا بەزمانی کوردی توێژینەوەی زانستی تایبەت بە بابەتی ئەخلاق و ڕاڤەکردنی مێژوو لەقورئاندا نەنووسراوە یاخود کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە، بۆیە بەئەرکێکی زانستی زانراوە ئەم توێژینەوەیە تەرخان بکرێت و زانستییانە لەلایەك چەمکی ئەخلاق لەڕوانگە قورئانییەکەوە ڕوون بکرێتەوە هاوکات ڕاڤە و لێکدانەوەی مێژووش لەڕوانگەی ئەخلاقییەوە شرۆڤە بکرێت بۆ ئەوەی ئەنجامێکی زانستیی بەدەست بێت.

گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، چەمکی ئەخلاق لە قورئاندا وەک ڕێبازێک بۆ خوێندنەوەی مێژوو بەکارهێناوە، ئەو ڕوانگە ئەخلاقییەی لە قورئاندا هەیە بۆ مێژوو پیشان دەدات و بەشێوەیەکی زانستییانە شرۆڤەیان دەکات.

ئامانجی توێژینەوەکە

دەرخستنی ئەو بایەخەیە، کە قورئان بە هەردوو چەمکی ئەخلاق و مێژووی داوە. هەروەها پەیوەستکردنی ڕووداوەکانی مێژوو بە مەبەستی ئەخلاقی و پەروەردەییەوە لە چوارچێوەی دەقەکانی قورئاندا. تیشک خستنەسەر شێوازی پیشاندانی ڕووداوە مێژووییەکان لە قورئاندا. هەروەها دۆزینەوەی ئەرکی شارستانێتی و ئەخلاقی مرۆڤ لە قورئاندا و گرێدانیان بەیەکەوە.

میتۆدی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاریی بەکارهاتووە، کە سەرەتا بە گریمانەکردن دەستپێدەکات و دواتر شیکاری بابەتە پەیوەستەکان بە ئەخلاق و مێژوو کراوە لە قورئاندا، پاشان پێکهێنانی بیرۆکەی توێژینەوەکە، ئەمەش بەدەر نییە لە میتۆدەکانی تر، وەک میتۆدی وەسفی و بەراوردکاریی.

پێکهاتەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە دوو باس، باسی یەکەم تەرخانکراوە بۆ مێژوو و ڕووداوە مێژووییەکان و شێوازی پیشاندانی مێژوو لەقورئاندا، کە سێ تەوەرە لە خۆی دەگرێت کە بریتین لە: تەوەرەی یەکەم، بایەخی مێژوو لە قورئاندا، تەوەری دووەمیش باس لە مێژوو و ڕووداوەکانی ڕابردوو لە قورئاندا دەکات، تەوەری سێیەمیش تایبەتکراوە بە شێوازی قورئان لە پیشاندانی ڕووداوەکانی ڕابردوودا.

باسی دووەمیش تایبەتکراوە بە پرسی ئازادی مرۆڤ و ئەخلاق و دروستبوون و کەوتنی شارستانێتییەکان لەقورئاندا، تەوەرەی یەکەم لە پرسی ئازادی مرۆڤ لە قورئاندا دەدوێ، تەوەری دووەم باس لە دروستبوونی شارستانێتی و جێنشینی مرۆڤ و ئاوەدانکردنەوە و پرسی ئەخلاق لە قورئاندا دەکات، تەوەرەی سێیەمیش رووخانی دەسەڵات و شارستانێتییەکان لە قورئاندا لە خۆ دەگرێت، تەوەرەی چوارەمیش ئاماژەیە بە ململانێی نێوان ڕەوا و ناڕەوا لە قورئاندا.

**باسی یەکەم : مێژوو و رووداوە مێژووییەکان و شێوازی پیشاندانی مێژوو لەقورئاندا**

**تەوەرەی یەکەم: بایەخی مێژوو لە قورئاندا**

بەو پێیەی مێژوو پەیوەستە بە مرۆڤەوە و ژیانی مرۆڤەکان دەگێڕێتەوە، کە لە ڕابردوودا چۆن ژیاون، پیشاندەری ژیانیشە بۆ داهاتووی مرۆڤایەتی، قورئانیش گوتاری ئاراستەی رووە و مرۆڤە، بۆیە قورئان لە ئاستێکی بەرزدا بایەخی بە مێژوو داوە. قورئان خۆی هۆی ئەو بایەخپێدانەی روونکردۆتەوە لە چەند ئایەتێکی جیاوازدا، لە یەکێک لە ئایەتەکاندا دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ﴾[1]، مەبەست لە باسکردنی چیرۆکی پێغەمبەران و چیرۆکی یوسف و براکانی، دەگەڕێنێتەوە بۆ پەند لێوەرگرتن و وانە وەرگرتن لێیانەوە، ئەم ئایەتە ئەگەرچی باسی لە چیرۆکی یوسف پێغەمبەر (د.خ) و براکانی کردووە، ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە، کە تێکڕای چیرۆک و ژیاننامەی پێغەمبەران بەو مەبەستە باسکراون، وەک ڕاڤەکەرێکی قورئان نووسیویەتی:"واتا: لە چیرۆکی پێغەمبەران و گەلەکانیان یان لە چیرۆکی یوسف و براکانییدا پەندی تیایە بۆ خاوەن هۆشەکان"( النسفي، ١٩٩٨، ٢/ص١٣٩). لە ئایەتێکی تردا گێڕانەوەی چیرۆک و مێژووی ڕابردووان دەبەستێتەوە بە بیرکردنەوەوە، تاوەکو ئەو چیرۆکانەی باس لە گەلانی ڕابردوو دەکەن ببنە هۆی ئەوەی، کە بیربکەنەوە و تێڕوانینەکانیان بگۆڕێت بەرامبەر بە ژیان، وەک دەفەرموێت: ﴿فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾[2].

قورئان جەختی لەوە کردۆتەوە، هۆکاری سەرەکی لە بڕیاردان لەبارەی چارەنووسی تاکەکان و گەلانەوە، بریتییە لە باوەڕ، کە پەیوەندی بەهێزی هەیە بە ئەخلاقەوە، چونکە ئەخلاق ئەو ڕێسا و بنەمایانەیە، کە مرۆڤایەتی ئاراستە دەکات، بە هۆیەوە مرۆڤایەتی بەختەوەر دەبێت و کۆمەڵگا دەگەشێتەوە، یان بە لایەنە نەرێنییەکەیدا کۆمەڵگا نابەختەوەر دەکات و لێکی هەڵدەوەشێنێت، ئەخلاقیش بریتییە لەو ئاکارانەی، کە پەیوەستن بەنموونە باڵاکانەوە (الدوري واخرون، د.س، ١٨-١٩). قورئان گرنگیشی داوە بە تاک و لە ڕووی ئەخلاقییەوە ئاراستەی تاک دەکات، تاوەکو کردارەکانی و هەڵسوکەوتی بە جۆرێک ئاراستە بکات، کە بتوانێت لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵگادا گونجاو بێت، چونکە دەیەوێت تاک ئامادە بکات بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی، بۆ ئەمەش هانی ڕەوشتە باشەکان دەدات و هۆشیاریشی داوە لەبارەی ڕەوشتە خراپەکانەوە و سەرئەنجامی هەردووکیانی دیاریکردووە: ﴿قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا، وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا﴾[3].

**دووەم: مێژوو و ڕووداوەکانی ڕابردوو لە قورئاندا**

چیرۆکە مێژووییەکان و ڕووداوەکانی ڕابردوو پانتاییەکی فراوانیان گرتۆتەوە لە قورئاندا، بە تێڕوانین لە قورئان و خوێندنەوەی، بە ئاسانی دەتوانرێت پەی بەوە ببرێت، کە ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە باسکردنی سەرەتای ژیانی مرۆڤ و دروستبوون و ژیانی لەسەر زەوی[4] و ژیانی پێغەمبەران و گەلەکانیان[5]، باسکردن لە هەندێک ڕووداو و چیرۆکی مێژوویی[6]، تەنانەت خوێندنەوەی ڕووداوەکان و پێشبینیکردنی داهاتووش[7]، ڕووداو و سەرگوزشتەکانیش بەستراونەتەوە بە مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراوەوە و پەیامیان تێدایە بۆ مرۆڤەکان.

قورئان چارەنووسی مرۆڤەکانی بەستوتەوە بە کردەوەکانیانەوە، ئەمەش پەیوەستە بەڕابردووی مرۆڤەکانەوە، کە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت لەسەر ئەو ڕابردووەی خۆی، قورئان فەرمویەتی:﴿وَكُلَّ إِنسَانٍ أَلْزَمْنَاهُ طَائِرَهُ فِي عُنُقِهِ ۖ وَنُخْرِجُ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ كِتَابًا يَلْقَاهُ مَنشُورًا، اقْرَأْ كِتَابَكَ كَفَىٰ بِنَفْسِكَ الْيَوْمَ عَلَيْكَ حَسِيبًا﴾[8]، ئەو کردەوانەی کە مرۆڤ لە ڕابردوودا ئەنجامی داون

لەدوای مردنی لە بیر ناکرێن، بۆیە ڕابردوو لە تێڕوانینی باوەڕداراندا بەهایەکی گەورەی هەیە، کە گرێدراوە بە پەند و ئامۆژگاری وەرگرتن لە ڕووداوەکانی ڕابردوو، هەروەها گرێدراوە بە ئەزموونی گەلانی ڕابردووەوە، لەگەڵ وەستان و ڕامان لەسەر ئەوەی، کە ئەنجامیان داوە لە چاکە و بۆتە هۆکاری سەرکەوتن و بەختەوەرییان لە دونیادا، یان ئەو خراپە و ستەم و تەنبەڵییەی ئەنجامیان داوە و بۆتە هۆی تیاچوونیان(المخلافي، ٢٠٠٧، ٨٨-٨٩).

بیرۆکەی مێژوو لە قورئاندا لەسەر ئەوە دامەزراوە، مێژوو واتای ئەخلاقی و ڕۆحی هەیە، کە لەسەر بنچینەی پەیوەندی خوا بە جیهانەوە و ڕۆڵی مرۆڤ تیایدا دامەزراوە، زۆرێک لەدەقە قورئانییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە. ئەوەش دەخەنەڕوو، مرۆڤ لەسەرزەویدا بە بەردەوامی نامێنێتەوە، کۆتاییەکی هەیە، کە دەبێت پێی بگات، ئەمەش ئەوە ناگەیێنێت مرۆڤ لە ئاوەدانکردنەوەی زەوی و بەدیهێنانی ڕاستی و دادپەروەریدا کەمتەرخەمی بکات، بەڵکو بەشێک لە کاری مرۆڤ لە سەرزەوییدا ئاوەدانکردنەوەی زەوییە. واتای ڕاستەقینەی ئاوەدانکردنەوەش ئەوەیە، مرۆڤ لە کرداری مرۆڤەکان ڕابمێنێ لە زەوییدا، واتا لە مێژووی مرۆڤ ڕابمێنیت(الشرقاوي، ١٩٧٩: ٢٨١-٢٨٢.)، (کیا الهراسی) لە ڕاڤەی (وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا)دا، پێی وایە:"ئەم ئایەتە ئاماژەیە بە پێویستبوونی ئاوەدانکردنەوەی زەوی، چونکە (استعمار) خواستن و داواکردنی (عمارة)یە، کە ئاوەدانکردنەوەیە"(الهراسي، ١٤٠٥ھ، ٤/ ٢٢٦).

قورئان لە ڕێگای مێژووەوە، ویستویەتی لەدەرگای ئێستا بدات. قورئان ویستوویەتی وێنەی موسڵمانی کامڵ بکێشێت لە ڕێگای ئەو کەسایەتییانەی باسی کردوون، کە زۆربەیان پێغەمبەر بوون، کەسایەتی کامڵ بوون و هەڵەیان نەبووە، هەروەها لەڕێگای مێژووەوە بەردەوامی داوە بە فێرکردنە ئایینییەکان. خوا لەڕێگای پێغەمبەرەکانەوە(د.خ) دەست لە کاروباری مرۆڤەکان و مێژوو وەردەدات، بۆ ئەوەی بەرەنگاری خراپە ببێتەوە (أورفوا، ٢٠١٠، ٥٧-٥٩). ئەوەی لێرەدا ئەم ڕۆژهەڵاتناسە باسی لێکردووە جەختکردنەوەیە لە ڕاڤەکردنی ئەخلاقییانەی قورئان بۆ مێژوو، دیاریکردنی کەسایەتییەکان وەک باوەڕدارێکی کامڵ و مرۆڤێکی کامڵ، ئەو ئاماژەیەی لێدەخوێنرێتەوە، ئەو کەسایەتییانە نموونەی ئەخلاقی باڵان بۆ چاولێکردن، یان بەرەنگاربوونەوەی خراپە لە ڕێگای ناردنی پێغەمبەرانەوە (د.خ) جەختکردنەوەیە لەهەمان بیرۆکە.

مەبەست لە چیرۆکە قورئانییەکان زۆر جیاوازە لەو مەبەستەی پەیمانی کۆن (تەورات) ئاماژەی پێکردووە، پەیمانی کۆن مەبەستی لێی باسکردنی چەند بەشێکی دیاریکراوە لە مێژووی ئیسرائیل، بەڵام قورئان –چەند جارێک ئەوە دووبارە دەکاتەوە– چۆن باوەڕداری ڕاستەقینە هەڵسوکەوت دەکات لە هەڵوێستە دیاریکراوەکاندا. لەگەڵ ئەم مەبەستەدا، وا وێنای کەسایەتییەکانی ناو قورئان دەکات، کە نموونەی ئەخلاقین، وەک هێما بۆ تێکڕای چاکەکاران و خراپەکاران. جگە لەوەش قورئان شوناسی کۆمەڵگەکە دیاری ناکات لە ڕووی مێژووییەوە، کە موحەممەدی(د.خ) بۆ نێردراوە، بەڵکو لەڕووی ئەخلاقییەوە دیاری دەکات(Donner, 1998, 84.)، ئەوەی لێرەدا گرنگە قورئان تێڕوانینی هەمەکی و گشتگیری هەیە بۆ مێژوو و نایبەستێتەوە بە گەلێکی دیاریکراوەوە، وەک ئەوەی لە پەیمانی کۆندا هەیە، بەڵکو ئەوەی گرنگە پرسی مرۆییبوون و ئەخلاقیبوونی مێژووە، کە قورئان لە ڕوانگەی هەڵوێستی ئەخلاقییەوە سەیری مێژوو دەکات، واتا ئەوەی گرنگە گێڕانەوەی ڕووداوەکان نییە، بەڵکو ئەو بیرۆکەییە کە لە مێژووەوە وەردەگیرێت.

مێژوو بەو شێوەیەی لە قورئاندا هاتووە، گێڕانەوە و پیشاندان یان وێنەکێشانە بۆ ڕابردوویەکی گرنگ، کە ئامادە دەبێت بۆ تیشکخستنە سەر ئێستای تیاژیاو (نویفرت، د. س، ٦٥)، کە ڕۆشنایی لەو مێژووەوە وەردەگرێت.

**تەوەرەی سێیەم: شێوازی قورئان لە پیشاندانی ڕووداوەکانی ڕابردوودا**

قورئان شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە لە پیشاندانی ڕووداوەکانی ڕابردوو و چیرۆکە مێژووییەکاندا، زۆر جار ئەو شێوازە بەکار دێنێت بۆ نزیککردنەوەی واتایەک یان بابەتێکی ئەخلاقی لە زەینی مرۆڤەکاندا، بەتایبەتی کە چیرۆک و نموونەی

مێژوویی لە ناخی مرۆڤەکاندا ئاسانتر جێگە دەگرێت، بۆ نموونە کاتێک دەیەوێت باس لە کارێکی چاک یان خراپ بکات، یان هەردوو جۆرەکە بەیەکەوە گرێ دەدات، بڕیاری ئەخلاقیش لەبارەیانەوە دەدات، بەوەی کە سەرئەنجامی کاری خراپ یان ئەخلاقی نەرێنی بخاتە ڕوو، بۆ نمونە: ئەمە لە چیرۆکی (قابیل) و (هابیل)دا بەرجەستە دەبێت: ﴿وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ابْنَيْ آدَمَ بِالْحَقِّ إِذْ قَرَّبَا قُرْبَانًا فَتُقُبِّلَ مِنْ أَحَدِهِمَا وَلَمْ يُتَقَبَّلْ مِنَ الْآخَرِ قَالَ لَأَقْتُلَنَّكَ قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ اللَّهُ مِنَ الْمُتَّقِينَ، لَئِنْ بَسَطْتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِي مَا أَنَا بِبَاسِطٍ يَدِيَ إِلَيْكَ لِأَقْتُلَكَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ، إِنِّي أُرِيدُ أَنْ تَبُوءَ بِإِثْمِي وَإِثْمِكَ فَتَكُونَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ وَذَلِكَ جَزَاءُ الظَّالِمِينَ، فَطَوَّعَتْ لَهُ نَفْسُهُ قَتْلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُ فَأَصْبَحَ مِنَ الْخَاسِرِينَ، فَبَعَثَ اللَّهُ غُرَابًا يَبْحَثُ فِي الْأَرْضِ لِيُرِيَهُ كَيْفَ يُوَارِي سَوْأَةَ أَخِيهِ قَالَ يَا وَيْلَتَا أَعَجَزْتُ أَنْ أَكُونَ مِثْلَ هَذَا الْغُرَابِ فَأُوَارِيَ سَوْأَةَ أَخِي فَأَصْبَحَ مِنَ النَّادِمِينَ﴾[٩]، لەم ئایەتانەدا، دوو جۆر لەکردەوەی مرۆڤەکان دەخاتەڕوو، بڕیاریش لەبارەی کردەوەی هەردوو کاراکتەرەکە دەدات لە ڕووی ئەخلاقییەوە.

قورئان نمونەی زۆری لە پێدراوە مێژووییەکان خستوتەڕوو و پانتاییەکی زۆری لەبارەی ڕابردووەوە پێشکەشکردووە و باسکردووە، کە مەبەست لێیان ڕوونکردنەوەی حیکمەتی پشتەوەی ئەو ڕووداوانەیە، کە کۆمەڵێک بنەمای بنچینەیی بزاڤی مێژووی مرۆیی لە خۆی دەگرێت، ئەو بنەمایانەی کە ناوی لێنراوە ڕێسا (سنن)، قورئان چەندین جار بانگهێشتی مرۆڤی کردووە بۆ تێڕامان لێیان و پشت پێبەستنیان لە کردەوەکانی ئێستامان و داهاتوومانددا. ئەم نموونانەش بەمەبەستی فێرکردنی پەیڕەوانیەتی لە سۆنگەی ئەزموونی ڕابردوان و جوڵاندنیان لەڕێگای ڕۆشنایی ئەو ئەزموونانەوە(خلیل، د.س، ٩٧-٩٨).

شێوازێکی تری قورئان لە پێشکەشکردنی ڕووداوەکانی ڕابردوودا، ئەوەیە چیرۆکەکان بە شێوەیەکی پوخت و کورت پیشان دەدات، تەنها بەشە گرنگەکانی ئەو ڕووداو و چیرۆکانەی ئاماژە پێکردووە، کە بەکەڵکن بۆ یادهێنانەوە و ئامۆژگاریکردن، درێژەی ڕووداوەکانی باس نەکردووە تاوەکو مەبەستە بنەڕەتییەکە ون نەبێت و لەدەست نەچێت (الدهلوي، ١٩٨٦، ٦٦)؛ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە مەبەست لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو باسکردنێکی مێژووییانە نییە و قورئانیش کتێبێکی مێژوویی نییە، بەڵکو مەبەستەکە پەند و وانە لێوەرگرتنە.

سەرنجراکێشانی موسڵمانان بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانیان و گەڕاندنەوەیان بۆسەر ڕێگای دروست (الزرقانی، د.س: ١/٥٩)، یەکێکە لەو ڕێگایانەی قورئان پەیڕەوی کردووە لە باسکردنی ڕووداوە مێژووییەکاندا. قورئان هەندێکجار لەڕێگای ڕووداوێک، کە ڕابردووە و بەسەر موسڵمانانددا تێپەڕیوە، دەیەوێت ڕەفتارێکی ئەخلاقی موسڵمانان ڕاست بکاتەوە، کە مەبەستی پەروەردەکردنی موسڵمانەکان و خوێنەرانی قورئانە، وەک ئەوەی، لە ڕووداوی جەنگی (الحنین)دا، قورئان سەرزەنشتی ئاکاری بەخۆسەرسامبوون دەکات، کە لەلای موسڵمانەکان درووست بوو بوو، لەو جەنگەدا کە هەستیان بە هێز و زۆری ژمارەیان کردبوو، تووشی جۆرێک لە لەخۆباییبوون بووبوون، قورئان بەمجۆرە ڕەخنەی لە موسڵمانەکان گرتووە: ﴿وَيَوْمَ حُنَيْنٍ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنْكُمْ شَيْئاً وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ الْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُمْ مُدْبِرِينَ﴾[١٠]، کە مەبەست ڕاستکردنەوەی ئاکاری موسڵمانەکانە.

**باسی دووەم: پرسی ئازادی مرۆڤ و ئەخلاق و دروستبوون و ڕووخانی شارستانێتییەکان لەقورئاندا**

**تەوەرەی یەکەم: پرسی ئازادی مرۆڤ لە قورئاندا**

لایەنێکی تری پرسی ئەخلاق، بەستراوەتەوە بە بوونی ئازادی و ویستی ئازاد لای مرۆڤەکان، ناکرێت مرۆڤ بە ئەخلاق یان نەبوونی ئەخلاق پەسن بکرێت، بەبێ ئەوەی ویستی ئازاد بێت. ئەگەرچی ئەم پرسە لەلای زانایان و دەستە و تاقمە ئیسلامییەکان جێگەی کۆدەنگی نییە، بەڵام قورئان بەڕوونی ئاماژە بەوە دەکات، کە مرۆڤ لە ڕووی ویست و هەڵسوکەوتەوە ئازادە، ئەمەش چەند نموونەیەکە لەو ئایاتانەی گوزارشت لەو پرسە دەکەن: ﴿اعْمَلُوا مَا شِئْتُمْ ۖ إِنَّهُ بِمَا

تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾[١١]، ئەم ئایەتە گوزارشت لەوە دەکات، کە مرۆڤەکان جۆرێک لە ویستیان هەیە، ئەگەرچی ئەو ویستە ویستێکی ڕەها نییە. یان لە ئایەتێکی تردا هاتووە: ﴿(وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ ۖ فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ ۚ إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا﴾[١٢]، ئەگەرچی ڕاڤەکارێکی قورئان ئاماژەی بەوە کردووە، ئەم ئایەتە کە دەفەرموێت:"هەرکەسێک دەیەوێت باوەڕبێنێت، هەرکەسێکیش نایەوێت باوەڕ نەهێنێت"، مەبەستی لەوە نییە کێ دەیەوێت باوەڕ بێنێت کێ نایەوێت باوەڕ نەهێنێت، بەڵکو هەڕەشەیە، چونکە دواتر باسی ئاگری دۆزەخ دەکات(الطبری، ٢٠٠١، ١٥/٢٤٤)؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئایەتەکە ڕاشکاوانە باس لەوە دەکات مرۆڤ توانای هەڵبژاردنی هەیە و جۆرێک لە ویستی ئازادی هەیە، تەنانەت ئەو هەڕەشەیەی کە ئاماژەی پێدەکات، بەڵگەیە لەسەر ئازادی ویست و هەڵبژاردن لەلای مرۆڤ، چونکە ئەگەر مرۆڤ ڕۆڵ و ویستی نەبێت لە کارێکدا چۆن بەرپرسیارێتی ئەخلاقی دەکەوێتە ئەستۆ؟! ڕاڤەکەری تر هەن وا لێکی دەدەنەوە، ئەم ئایەتە مانای ویست و هەڵبژاردن دەگەیەنێت:"ڕاستی ڕوون بۆتەوە، هەر مرۆڤێک با ئەوە هەڵبژێرێت بۆ خۆی کە ویستی لەسەریەتی لە باوەڕ یان بێباوەڕیی"(النسفي، ٢٠١٩، ١٠/٦٥)، یان ڕاڤەکەرێکی تر ئاماژە بەوە دەکات، ئەم ئایاتە لەدوای ڕوونکردنەوەی ڕاستی و پیشاندانی، مرۆڤ سەرپشک دەکات، کە لەنێوان باوەڕ و بێباوەڕییدا یەکێکیان هەڵبژێرێت(الزمخشري، ١٩٨٧، ٢/٧١٩)، ئایەتی تر زۆرن لە قورئاندا ئاماژە بە ویستی ئازاد و هەڵبژاردن دەکەن لەلای مرۆڤ.[١٣] بەم شێوەیە، قورئان بناغەی ئەخلاقیبوونی مرۆڤ لەسەر بنەمای ویستی ئازاد و هەڵبژاردن دادەمەزرێنێت، لەبەر ئەوەی ئەخلاق پەیوەستە بە ئازادی و ویستی ئازادی مرۆڤەوە، چونکە ئەگەر مرۆڤ ئازاد نەبێت لە هەڵبژاردنی کردارەکانییدا، بێگومان هیچ ئەرکێکی ئەخلاقی لەسەر نابێت.

بە پێی قورئان مرۆڤەکان ئازادن لە ئەنجامدانی کارەکانیاندا لە چوارچێوەی کرداری مرۆییدا، چونکە بەبێ ئازادی هیچ مانایەک بۆ هەڵوێستی مرۆیی نامێنێتەوە و هیچ کرۆکێک بۆ چاکە و خراپە نامێنێتەوە، هیچ واتایەکیش بۆ ڕۆژی دوایی نامێنێتەوە. ئەم ئازادییە بۆتە پاشخانێکی بنچینەیی بۆ جوڵەی مێژووی مرۆیی، بەبێ ئازادی هیچ ئاڵنگارییەک و بەرهەڵستییەک نامێنێت و مرۆڤەکان بەبێ هیچ جوڵەیەک و بەبێ ویستی خۆیان ڕاپێچ دەکرێن بۆ چارەنووسێکی نادیار، ئازادی لە قورئاندا بریتییە لە (بەرپرسیارێتیی) بەبێ ئازادیش هیچ مانایەک بۆ بەرپرسیارێتی نامێنێتەوە(خلیل، د.س، ١٤١)؛ قورئان زۆر بەوردی ئەمە (بەرپرسیارێتیی) دەستنیشان دەکات و دەیکاتە بەڵگەی لێپرسینەوە لە دواڕۆژدا، لەم بارەیەوە فەرمویەتی:﴿وَقِفُوهُمْ ۖ إِنَّهُم مَّسْئُولُونَ﴾[١٤]، هەربۆیە ئیسلام تەنها مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی زیندوو دانانێت و بەس، بەڵکو بەرپرسیارێتی ئەخلاقی دەخاتە ئەستۆی و پلەیەکی باڵای پێدەبەخشێت، کە بریتییە لە پلەی جێنشینی لەسەر زەویدا (صدیقي، ١٩٨٠، ١٣٤–١٣٥)، وەک لە قورئاندا هاتووە:﴿إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً﴾[١٥]، هەر بۆیە خوا لەقورئاندا ئەوەی جێگیر کردووە و مرۆڤی تاقیکردۆتەوە بە بەرپرسیارێتی و هەڵبژاردن (الاختیار) لە نێوان پەرستنی خوا و گوێڕایەڵیکردنی، یان سەرپێچیکردن و بێباوەڕیی(الشرقاوی، ١٩٧٩، ٢٦٨)؛ قورئان بە ئاشکرا ئەمە دەخاتەڕوو: ﴿الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۚ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ﴾[١٦]، تەنانەت قورئان دروستکردنی ژیان و مردنی بەستۆتەوە بە ئەخلاق و کاری چاکەوە، ئەو بوارەش کە مرۆڤی تیادا تاقی دەکرێتەوە کرداری چاکە و ئەخلاقە، کەواتە ئەوەی لێرەدا بنەڕەتی و جەوهەرییە ئەخلاقە.

پرسی ئازادی مرۆڤ و بەرپرسیارێتییەکەی لە قورئاندا، لەو ڕوانگەیەوە پەیوەندیدارە بە ڕاڤەکردنی مێژووەوە، ئایا کێ دروستکەری مێژووە و ڕۆڵی هەیە لە ڕووداوە مێژووییەکاندا؟ ئەگەر مرۆڤ وەک هەبوویەکی ئازاد تەماشا بکرێت، کەواتە ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت، مرۆڤ ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە ئاراستەکردنی ڕووداوە مێژووییەکاندا و مرۆڤ خۆی بڕیاردەرە لە ژیانی دونیادا، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر مرۆڤ ئازادی و هەڵبژاردنی نەبێت ئەوا ڕۆڵیشی نابێت لە ڕووداوەکانی مێژوودا، ڕۆڵی بکەر و چالاک نابینێت و تەنها وەک ئەکتەرێک وایە لە ناو شانۆی ژیاندا.

**تەوەرەی دووەم: دروستبوونی شارستانێتی و جێنشینی مرۆڤ و ئاوەدانکردنەوە و پرسی ئەخلاق لە قورئاندا**

پرسی جێنشینی و جێنشینکردنی مرۆڤ لەسەر زەوی، لە پرسە گرنگ و بنچینەییەکانی قورئانە، سەبارەت بە دروستبوونی مرۆڤ و بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی، قورئان ئەمە ڕوون دەکاتەوە و لە چەند شوێنێکدا ئاماژە بەوە دەکات، دیارترینیان ئەوەیە کە لە (سورة البقرة)دا ئاماژەی پێکراوە: ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً ۖ قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ ۖ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾[١٧]، ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە، فریشتەکان سەرسوڕمانی خۆیان دەردەبڕن لە بەرامبەر فەرمانی خوادا، کە ئەوەش دەبەستێتەوە بە پرسێکی ئەخلاقییەوە، کە ئەوان دەڵێن: چۆن کەسانێک لەزەویدا نیشتەجێ دەکەیت، کە خراپە و گەندەڵی و خوێنڕێژی بڵاو دەکەنەوە، بەڵام وەڵامی خوای گەورە ئەوە بووە: ئێوە مەبەستەکە نازانن و خوای گەورە مەبەستەکەی دەزانێت، واتا دروستکردن و نیشتەجێکردنی مرۆڤ دەبەستێتەوە بە مەبەست و ئامانجێکەوە، کە تەنانەت فریشتەکانیش نەیانتوانیوە پەی بە مەبەستەکە ببەن.

جێنشینی بە سیاسەت و بەڕێوەبردن دێتە دی و شایستەی کەسانێک دەبێت کە بیانهەوێت، ئەمەش بە گرتنەبەری ڕەوشتە جوانەکان دەبێت، سیاسەتیش دوو جۆرە:

١. سیاسەتی مرۆڤ بۆ خودی خۆی، یان بەڕێوەبردنی دەروون و جەستەی خۆی و ئەوەی تایبەتە بەخۆیەوە.

٢. سیاسەتی بەرامبەر بەئەوانی تر، واتا بەڕێوەبردنی جگە لە خۆی لە کەسوکار و خەڵکی لادێ و شارەکەی، ئەوەی بەکەڵکی بەڕێوەبردنی خۆی نەیەت، بەکەڵکی بەڕێوەبردنی جگە لە خۆشی نایەت(الاصفهانی، ٢٠٠٧، ٨٤)؛ واتا ئەو مرۆڤەی دەیەوێت ئەرکی جێنشینی بەجێ بێنێت، ئەم کارە بە سیاسەت و بەڕێوەبردن ئەنجام دەدرێت، قۆناغی یەکەمی ئەم کارەش ئەوەیە خۆی پەروەردە بکات و بتوانێت خۆی بەڕێوە ببات، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەرکی قۆناغێکی تر هەڵبگرێت، کە بەڕێوەبردن و سیاسەتکردنی کۆمەڵگا و شار و وڵاتەکەیەتی، ئەمەش جەختکردنەوەیە لە گرنگی پەروەردەکردن بە تایبەتیش خۆپەروەردەکردن، کە ئەرکی سەرەکی مرۆڤە و دوای ئەم ئەرکەی پاشان ئەرکەکانی تر دێت بەدواییدا.

لە ئایەتێکی تردا خوای گەورە مەرجی نیشتەجێکردن و پێبەخشینی ئاوەدانکردنەوەی زەوی دەبەستێتەوە بە دوو مەرجەوە، یەکەمیان باوەڕهێنانە و دوومیان کردەوەی چاکە، وەک لە قورئاندا هاتووە:﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّن بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا ۚ يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا ۚ وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾[١٨]، ئەم ئایەتەش ئەو مەبەستە ڕوون دەکاتەوە، کە خوای گەورە بە فریشتەکان دەفەرموێت، ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن، واتا مەبەستی خوای گەورە لە دروستکردنی مرۆڤ ڕوون دەکاتەوە.

(راغب الاصفهاني) بەتێڕوانین لە قورئان چەند ئەرکێکی تایبەت بە مرۆڤی دیاری کردووە لە ژیاندا، کە تایبەتن بە لایەنی شارستانێتییەوە، بریتین لە:

**یەکەم**– ئاوەدانکردنەوەی زەوی، کە لە قورئاندا ئاماژەی پێکراوە: ﴿هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ وَٱسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا﴾،[١٩] ئەمەش بۆ دەستەبەرکردنی ژیان بۆ خۆی و بۆ جگە لە خۆی.

دووەم– بۆ پەرستنی خوای گەورە، کە لە قورئاندا ئاماژەی پێکراوە: ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾.[٢٠]

سێیەم– جێنشینی، کە خوای گەورە لە قورئاندا ئاماژەی پێکردووە: ﴿وَيَسْتَخْلِفَكُمْ فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ﴾[٢١]، ئەمەش چاولێکردنە لە خوای گەورە، بە پێی توانای مرۆڤ لە سیاسەتکردن و بەکارهێنانی ڕەوشتە جوانەکانی

شەریعەت(الاصفهانی، ٢٠٠٧، ٨٢-٨٣)، ئەو سێ ئەرکەی کە ئاماژەی پێداوە هەرسێکیان پێویستیان بە بەرجەستەکردنی ئەخلاقە، یەکەمیان: بەرجەستەکردنی ئەخلاقە لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکی و بەرژەوەندییەکانیاندا، دووەمیان: ئەخلاق و ڕەفتارەکانی مرۆڤە بەرامبەر بە خوا، سێیەمیان بەرجەستەکردنی ئەخلاقە لە سیاسەت و کاروباری فەرمانڕەوایی و نواندنی دادپەروەرییدا.

ئەو تێڕوانینە شارستانییەی کە لە قورئاندا هەیە بۆ مێژوو، لەسەر ئەو بنچینەیە دامەزراوە، کە ئەو نهێنییە دەردەخات مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییە دروستکراوە تاوەکو شارستانێتی دابمەزرێنێت لەسەر بنەمای ڕۆشنبیری و سیاسی و زانستی، کە قورئان ئاگاداری مرۆڤی کردوتەوە، ئەو شارستانێتییە دەبێت لەسەر بنەمای ئەخلاقی ساغ دابمەزرێت(النشار، ٢٠١٢، ١٤٧)٠ قورئان ئەو چیرۆکە مێژووییانەی پەیوەستن بە پێغەمبەرانەوە لە قۆناغی داگیرکاری و لادان دەریان دێنی، ئەویش لەڕێگای بەستنەوەی ئەو چیرۆکانە بە بەها ئەخلاقییە دیاریکراوەکانەوە، بۆیە یەکەم ئەرکی بۆ مێژوو دیاریکردووە، کە بریتییە لە پەروەردە و پێکهێنانی پەندوەرگرتن و هاندانی مرۆڤ لەسەر کردەوەی چاک، کە ئەمە بریتییە لە بنچینەی پێشکەوتنی مرۆیی و بەرزترین شێوەکانی شارستانێتی مرۆییە، هەر بۆیە گوتاری قورئان سورە لەسەر ئەوەی باس لەو چیرۆکانە بکات کە لەچوارچێوەی یەک ئامانجدان(الحديثي، ٢٠٠١، ٤٨)؛ ئامانجەکەش یادهێنانەوە و ئامۆژگاری و نموونە هێنانەوەن بۆ ئەوەی مرۆڤ هۆشمەند بێت و... تاد، نموونەی ئەو ئایەتانەش:﴿لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ﴾[22] یان ﴿فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾.[23]

ڕۆحی شارستانێتی بریتییە لە ڕێبازی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و هزری، کە گەلێک لە ڕەفتار و ئاداب و تێڕوانینی بۆ خۆی و بۆ دنیا دەیگرێتە بەر، ڕۆحی شارستانێتیش بریتییە لە ڕێباز یان شەریعەت و یاسا، یان ئەوەیە کە قورئان گوزارشتی لێکردووە بە ڕێسا (سنن) خوای گەورە فەرمویەتی:﴿قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُمْ سُنَنٌ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ﴾[24]. سونەنیش بریتییە لە ڕۆحی شارستانێتی، ڕۆحی شارستانێتیش بریتییە لە هۆشیاری ڕێبازییانە، کە توانا مرۆییەکان لەخۆی دەگرێت و بەهۆیەوە دیاردە شارستانێتییەکان دێنە دی. کەواتە ڕۆحی شارستانێتی بریتییە لەو نەریتە بوونگەرایییە بەردەوامەی یان ڕەسەنەی لە ناخی مرۆڤدا هەیە و لە ڕووی هزری و هەستەوە ئاراستەی دەکات(حجازي، ٢٠٠٤، ١٢٤)، جێنشینی مرۆڤیش لەسەر زەوی بەستراوەتەوە بە پاڵفتەکردنی دەروونەوە، هەروەک چۆن پەرستنەکان پێویستیان بە پاککردنەوەی جەستە هەیە، جێنشینی خواش لەسەر زەوی پێویستی بە پاڵفتەکردنی دەروون هەیە (الاصفهانی، ٢٠٠٧، ٦٠)؛ بەم جۆرە جێنشینی کە بە پێی قورئان کرۆکی شارستانێتییە، لە ڕێگای پەروەردەکردنەوە دێتە دی.

قورئان لە زۆر شوێندا ئاماژەی بەو گوند و ئاوەدانیانە کردووە، کە بە هۆی پابەندبوونیان بە ڕێسا ئەخلاقییەکانەوە درەوشاوە و سەرکەوتوو بوون، یان بەهۆی پابەندنەبوونیان بە ڕێسا ئەخلاقییەکانەوە لەناوچوون(ويدجري، ١٩٧٢، ١٩٣)، نموونەی ئەو ئایەتانەش:﴿وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ الْقُرَى الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا قُرًى ظَاهِرَةً وَقَدَّرْنَا فِيهَا السَّيْرَ ۖ سِيرُوا فِيهَا لَيَالِيَ وَأَيَّامًا آمِنِينَ﴾.[25] قورئان باسی لەوە کردووە، ئەو گەلانەی بەکەڵکن بۆ مرۆڤایەتی دەگەنە لوتکەی پێشکەوتن و شکۆمەندی، ئەوانەی کە خۆیاندەگرن بۆ توندترین لێدانەکانی زەمانە، خۆیان نەداوە بەدەست ڕابواردن و خۆشگوزەرانییەوە، دەتوانن خۆگرین لەبەرامبەر هەموو جۆرە بارگرانییەک لەسەر شانیان، لە پێناو برا مرۆڤەکانیاندا، ئەم بنەمایەش بنەمایەکی گشتگیرە و بەسەر تێکڕای ڕێچکەکانی ژیانی مرۆییدا دەچەسپێت(الصديقي، ١٩٨٠، ١٦٣).

**تەوەرەی سێیەم: ڕووخانی دەسەڵات و شارستانێتییەکان**

ڕووخانی گەلان و دەسەڵاتەکانیان، یەکێکە لەو پرسانەی قورئان باسی لێکردووە، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانیش بۆ لەناوچوون و نەمانی ئەو گەڵ و دەسەڵاتانەی ڕابردوو، دەگەڕێتەوە بۆ پێشێلکردنی ڕێسا ئەخلاقییەکان و پشتگوێخستنی چاکەکارییەکان و ڕووکردنە ئەخلاقە خراپەکان. قورئان گۆڕانی بارودۆخی گەلان و بەرەو خراپچوونیی ژیان و گوزەران و توانا و دەسەڵاتەکانیانی بەستۆتەوە بە گۆران و خراپبوونی خۆیان و ڕەفتارەکانیانەوە، لەم بارەیەوە لە قورئاندا هاتووە: ﴿إِنَّ اللَّهَ لاَ يُغَيِّرُ ما بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ﴾،[٢٦] مەبەست لەوەیە خوای گەورە نیعمەت و سەلامەتی هیچ گەلێک ناگۆڕێت، تاوەکو خۆیان دۆخ و کردەوە جوانەکانی خۆیان نەگۆڕن بە دۆخ و کردەوەی ناشیرین(البيضاوي، ١٤١٨هـ، ١٨٣).

لەڕوانگەی ئیسلامەوە هەڵوەشانەوە و ڕووخانی کۆمەڵگاکان بەستراوەتەوە بە کرداری مرۆڤەکانەوە، قورئان جەختی لەوە کردۆتەوە ڕووخانی شارستانێتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ بەرپرسیاریتی کۆمەڵگا. واتای ئەمەش ئەوەیە ئەو شارستانێتییانەی کە نەماون، لە ناکاو نەڕووخاون، بەڵکو داڕووخان کۆتا قۆناغە، کە لە ئەنجامی گەڕان و کۆبوونەوەی کۆمەڵە هۆکارێکەوە دروستدەبێت(الشرقاوي، ١٩٧٩، ٢٨٩)، ئەمەش ئەوە دەگەێنێت بەرپرسیارێتی مانەوە و ڕووخانی کۆمەڵگاکان بەرپرسیارێتییەکی تاکەکەسی نییە، تەنها نەبەستراوەتەوە بە دەسەڵاتدارانەوە، بەڵکو کۆی کۆمەڵگا بەرپرسیارێتی لە ئەستۆدایە، کردەوەکانی تاک بە تاکی کۆمەڵگا کاریگەریان هەیە لەسەر گەندەڵبوونی کۆمەڵگا و دەسەڵاتەکان، کەوتنی دەسەڵات و کۆمەڵگاکانیش کتوپڕ و لە ئەنجامی تاکە کردایک و ڕووداوێکەوە نییە، بەڵکو کردەوەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا و دەستەبژێرەکان وردە وردە دەبنە هۆی گەندەڵبوون و ڕووخانی کۆمەڵگا.

قورئان لە ڕێگای یادهێنانەوەی ڕووداوەکانی مێژووەوە، دەیەوێت مرۆڤەکان ئاگادار بکاتەوە لە سەرئەنجامی کارەکانیان، دوای ئەوەی باس لە کردەوە خراپەکان و ڕەوشتە نزمەکان دەکات، کە مرۆڤ بەرەو هەڵدێر دەبات، نمونەی ڕووداوەکانی مێژوو و گەلانی ڕابردوو دێنێتەوە، تاوەکو ببێتە پەند و ڕێنیشاندەر بۆ داهاتووی مرۆڤەکان و هەڵەی ئەوانەی پێشوو دووبارەنەکەنەوە، وەک لە قورئاندا هاتووە﴿وَذَكِّرْهُمْ بِأَيَامِ اللهِ﴾[٢٧]، لێرەدا کە دەفەرموێت ڕۆژەکانی خوایان بیر بێنەرەوە، مەبەست لەو ڕووداوە مەزنانەیە لەو ڕۆژانەدا ڕوویان داوە، کە ڕۆژەکان لە نێوان خەڵکیدا لە ئاڵوگۆڕدان(الرازي، ١٤٢٠هـ، ٦٥)، لە تێرامان و بیرکردنەوە لە دۆخی سەدەکانی ڕابردوو و پاشاکانی پێشوو، کە زۆر بەهێز بوون و سەرباز و دەسەڵاتی زۆریان هەبووە و شوێنەوارەکانیان ماونەتەوە و زۆر تەمەنیان کردووە و شارەکانیان بنیادناوە و گەنجینەی پڕیان هەبووە، بەڵام خۆیان بەزل زانیوە و بەندەکانی خوایان زەلیل کردووە، سەرەنجام بەو کردەوە خراپانەیان لەناوچوون(الماوردي، ١٩٨٣، ٨٨)، قورئان بەم شێوەیە گوزارشت لەمە دەکات و سەرئەنجامی ستەم و کاری خراپی مرۆڤەکان دەخاتە ڕوو کە تیاچوونە، ئەگەرچی بەهێزیش بوون و خاوەنی دەسەڵاتی زۆر بوون: ﴿أَوَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَانُوا أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَأَثَارُوا الْأَرْضَ وَعَمَرُوهَا أَكْثَرَ مِمَّا عَمَرُوهَا وَجَاءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ ۖ فَمَا كَانَ اللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَٰكِن كَانُوا أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ﴾[٢٨]، تێبینی ئەوە دەکرت قورئان جەخت لەوە دەکاتەوە هێز و دەسەڵات و دەستڕۆیشتن بەسەر زەویدا، هۆکاری مانەوە نیین بە تەنها، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەو ڕەفتارانەیە مرۆڤەکان ئەنجامیان دەدەن، ئەخلاق و بەهاکانیانە بەرامبەر بە مرۆڤ و ژینگە و دەوروبەریان.

یەکێک لەو لایەنانەی ڕۆڵیان هەبووە لە داڕووخانی کۆمەڵگا و دەسەڵاتەکاندا، قورئان ئاماژەی پێکردووە و ڕەگ و ڕیشەی خراپەکاری لە کۆمەڵگادا دروست دەکات، خۆشوزەرانە لە ڕادەبەدەرەکانن، ئەوانەی بەدوای ئەوپەڕی خۆشگوزەرانییەوەن، خۆشگوزەرانییەک کە بەرەو لادان و خراپەکاری دەڕوات، هەر ئەوانیش دەبنە هۆی داڕووخانی کۆمەڵگاکانیان، قورئان لەم بارەیەوە فەرمویەتی:﴿وَإِذَا أَرَدْنَا أَن نُّهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُوا فِيهَا فَحَقَّ عَلَيْهَا الْقَوْلُ فَدَمَّرْنَاهَا تَدْمِيرًا﴾[٢٩]، لەناوچوونی گوندێک یان شارێک بەستراوەتەوە بە چەند شتێکەوە بە پێی ئەم ئایەتە:

١. له ئایەتی پێشتردا ئاماژە بەوە دراوە، تا پێغەمبەر نەنێردرێت بۆ گەلێک و ئاگادار نەکرێنەوە، دووچاری سزای خوا نابن.

٢. کاتێک ویستی خوا لەسەریان جێبەجێدەبێت، کە ئەوانە زۆردەبن لەناویاندا و بەسەریاندا زاڵ دەبن و دەسەڵاتیان دەبێت لەناو ئەو گەلەدا، کە کەسانی خراپەکار و خۆشگوزەرانانی لە رێدەرچوون و دەست دەکەن بە خراپەکاری.

٣. دوای ئەم دوو قۆناغە، سەرئەنجامەکەیان تیاچوونی یەکجارەکییە، لە ئەنجامی لە رێدەرچوون و خراپەکارییان و رێنەگرتنی هەندێکیان لە خراپەکاری ئەوانی تریان(الرازي، ١٤٢٠هـ، ٢٣٢/١٠). ئەوەی لە ئایەتەکەدا و لە راڤەکەی (الرازي)یشدا روووندەبێتەوە، هۆکاری سەرەکی بۆ لەناوچوونی هەرگەلێک، گۆڕانە لە ئەخلاق و رەفتاریاندا، کە بەرەو تیاچوونیان دەبات، دوای ئەوەیکە بەتەواوەتی کردارە خراپەکان تیایاندا بڵاو دەبێتەوە و تەشەنە دەکات و گوێ لە چاکسازان و پێغەمبەران ناگرن.

دارِوخانی ئەخلاقیی لە نێو گەلاندا دەبێتە هۆکاری دارِووخانی ئەو گەلانە، ئەم دارِووخانەش لەیەک لایەنی ئەو گەلانەدا روونادات، بەڵکو تێکرای لایەنەکانی ژیانیان دەگرێتەوە، کاتێک ئەم کاریگەرییە خراپە دەردەکەوێت لەسەر گەلێک ئەگەرچی هێزێکی سەربازی گەورەشی هەبێت فریای ناکەێت، وەک ئەوەی هەندێک کەس وا گومان دەبەن دارِووخانی گەلان و دەوڵەتان بەهۆی هێرشی دەرەکییەوە نییە، بەڵکو بەهۆی خراپە و گەندەڵی لەسەرخۆوە دروست بووە، ئەمەش یەکسەر رووناداات و کاتی دەوێت(الصدیق، ١٩٨٠، ١٦٧،١٤٠)، لە قورئاندا باس لەم جۆرە دارِووخانە ئەخلاقییانە کراوە:﴿أَوْفُوا الْكَيْلَ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُخْسِرِينَ، وَزِنُوا بِالْقِسْطَاسِ الْمُسْتَقِيمِ، وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ وَلَا تَعْثَوْا فِي الْأَرْضِ مُفْسِدِينَ﴾[٣٠]، ئایەتەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کردارە نائەخلاقییەکان لەو گەلانەدا کە تووشی دارِووخانی ئەخلاقی دەبنەوە، تەنها دەسەڵاتداران ناگرێتەوە، بەڵکو خەڵکی بەگشتی دەگرێتەوە، جونکە باس لە دارِووخانی ئەخلاقی بازرگانان و دوکانداران دەکات، کە کێشانە و پێوانەیان بەخراپی بەکارهێناوە و لە بایەخی شتی خەڵکیان کەمکردۆتەوە.

رووخانی دەوڵەت و شارستانێتییەکان لەروانگەی قورئانەوە، لایەنێکی دروستبوونی گۆڕانکارییە لە ئەخلاقی سیاسی سەرکردە و فەرمانرەواکاندا بەرەو ئەخلاقە خراپەکان، ئەوەی بەپلەی یەکەم تاوانبارە، دەستەبژێری سیاسییە، بەڵام گەلیش لەمە بێبەری نییە، چونکە سەرکردەکان کردەوە و رەفتارەکانیان بە پشتگیری خەڵکی ئەنجام دەدەن، جا چ چاک بێت یان خراپ، بە ئاشکرا و راستەوخۆ یان بەشاراوەیی و ناراستەوخۆ بێت.

لەئاستێکی تریشدا باس لە ستەم و خراپەکاری دەسەڵاتداران دەکات، لە رووی ستەمکردن و خراپەکاری و گەندەڵی بەرێوەبردن و کوشت و کوشتار و ...هتد، بەکارهێنانی ئەوپەڕی توندوتیژی و دەسەڵات بۆ بوونە بەربەست لەبەردەم گەلەکانیاندا(خلیل، د.س، ٢٦٦-٢٦٧). بەهۆی بڵاوبوونەوەی ستەمەوە دەوڵەت لاواز دەبێت و توانای بەرێوەبردنی کارەکانی نامێنێت و بەرە و دارِووخان و کۆتایی دەچێت و بە غەدر کۆتایی پێدێت(الماوردی، ١٩٨١، ١٥٧)، قورئان بەمجۆرە باسیکردووە:﴿وَكَمْ قَصَمْنَا مِن قَرْيَةٍ كَانَتْ ظَالِمَةً وَأَنشَأْنَا بَعْدَهَا قَوْمًا آخَرِينَ، فَلَمَّا أَحَسُّوا بَأْسَنَا إِذَا هُم مِّنْهَا يَرْكُضُونَ،لَا تَرْكُضُوا وَارْجِعُوا إِلَىٰ مَا أُتْرِفْتُمْ فِيهِ وَمَسَاكِنِكُمْ لَعَلَّكُمْ تُسْأَلُونَ، قَالُوا يَا وَيْلَنَا إِنَّا كُنَّا ظَالِمِينَ،فَمَا زَالَت تِّلْكَ دَعْوَاهُمْ حَتَّىٰ جَعَلْنَاهُمْ حَصِيدًا خَامِدِينَ﴾[٣١]، ئەم ئایەتانە ئەوە روووندەکەنەوە، هۆکاری لەناوچوونی ئاوەدانییەکان و دەسەڵاتەکان و ئەو خەڵکانەی تیاییدا ژیاون ستەمکردنە، ئەوەی جێگەی سەرنجە کاتی هاتنی سزاکەیان خۆشیان دان بەوەدا دەنێن، کە بەهۆی ئەوەوە سزا دەدرێن و تیادەچن کە ستەمکار بوون، جگە لەوەش سەرەتای دەرکەوتنی سزاکەیان هەست پێکردووەوە و هەوڵی ئەوە دەدەن کە لێی رابکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا قورئان جەخت لەوە دەکاتەوە ئەم سزایە، بەبێ ئاگادارکردنەوە بەسەر ئەو گەلانەدا نایەت کە شایستەی ئەو سزایە و ئەو تیاچوونەن، قورئان دەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ أَن لَّمْ يَكُن رَّبُّكَ مُهْلِكَ الْقُرَىٰ بِظُلْمٍ﴾[٣٢]، خوای گەورە پەلە ناکات لە

سزادانی هیچ ئاوەدانییەکدا، تاوەکو پێغەمبەریان بۆ نەنێرێت و ئاگاداریان نەکاتەوە و بەڵگە و نیشانەکانی خوایان بۆ ڕوون نەکاتەوە و ئاگاداریان نەکاتەوە سەبارەت بە سزای خوایی، لە بێئاگاییاندا و لە پڕ سزایان بۆ نانێرێت، تا ئەوانیش بڵێن خوایە هیچ ئاگادار کەرەوەیەکمان بۆ نەهات(الطبری، ٢٠٠١، ٩/ ٥٦٣).

**چوارەم: ململانێی نێوان ڕەوا و ناڕەوا لە قورئاندا**

یەکێک لەو پرسانەی قورئان باسیکردووە، ململانێی ڕەوا و ناڕەوایە لەناو کاراکتەرەکانی مێژوودا، قورئان وا وێنای مێژوو دەکات بەشێکی مێژوو خۆی لە ململانێی دوو هێزدا دەبینێتەوە، یەکێکیان لایەنگری ڕەوایە و ئەویتریان لایەنگری ناڕەوایە، لە هەندێک لە چیرۆکە مێژووییەکانی قورئاندا ئەمە بە ئاشکرا دەردەکەوێت، لە چیرۆکی پێغەمبەراندا، وەک لە چیرۆکی ئیبراهیم[٣٣] و موسا[٣٤] و عیسا[٣٥] پێغەمبەردا، بەڕوونی دەرکەوتووە.

قورئان وا وێنای مێژوو دەکات، کە ململانێی نێوان ڕەوا و ناڕەوایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەسەنێتی دەدات بە ڕەواو ڕاستی، بوونی ناڕەواش بە بوونێکی کاتی و ناڕاست دادەنێت. جەختیش لەوە دەکاتەوە ڕەوا و حەق سەرکەوتوو دەبێت و ناڕەواش بەرکەنار دەبێت، هەرکاتێکیش کۆمەڵگا بەتەواوی ڕوو لە خراپە و ناڕەوایەتی بکات، دەبێتە هۆکاری داڕووخانی ئەو کۆمەڵگایە و بەرەو مردن دەچێت، مردنەکەشی لەسەرخۆ دەبێت(مطهري، ١٣٨٥هـ.ق، ٤/ ٢٩٨-٣٠٦.)، قورئان فەرمویەتی: ﴿ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَسَالَتْ أَوْدِيَةٌ بِقَدَرِهَا فَاحْتَمَلَ السَّيْلُ زَبَدًا رَّابِيًا ۚ وَمِمَّا يُوقِدُونَ عَلَيْهِ فِي النَّارِ ابْتِغَاءَ حِلْيَةٍ أَوْ مَتَاعٍ زَبَدٌ مِّثْلُهُ ۚ كَذَٰلِكَ يَضْرِبُ اللَّهُ الْحَقَّ وَالْبَاطِلَ ۚ فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَاءً ۖ وَأَمَّا مَا يَنفَعُ النَّاسَ فَيَمْكُثُ فِي الْأَرْضِ ۚ كَذَٰلِكَ يَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ﴾[٣٦]، ئایەتەکە سەرەڕای جەختکردنەوە لە ڕۆیشتن و لەناوچوونی ناڕەوا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەوەی سوودبەخشە و چاکە ئەوە دەمێنێتەوە و جێگیر دەبێت، ئەمەش بەستنەوەی مانەوەی کەسەکانە و کۆمەڵگاکانە لە مێژوودا بە چاککی و سوودی ئەخلاقییان بۆ کۆمەڵگا.

فەلسەفەی مێژوو لە قورئانی پیرۆزدا جەختکردنەوەیە لە ئاراستەی مێژوو لە ڕابردوو و لە داهاتوودا بەرە و ڕەوا و چاکە، ئەگەرچی ناڕەوایەتی و خراپە درێژەش بکێشن. قورئان جەخت لەم ڕاستییە دەکاتەوە بە شێوەیەکی هەربوونێتی (الحتمية)، جەختیش کراوەتەوە لە پەیوەندی نێوان بیرۆکەی مێژوو و بەها ئەخلاقییە باڵاکان بە یەکەوە. لەبەر ئەمەیە مێژوو لای موسڵمانەکان بۆتە سەرچاوەیەکی شارستانێتی، کە بەها ئەخلاقی و کرۆکە ڕۆحییەکانی لێ وەردەگرن و سەرچاوەی گەشبینی و دڵئارامییە بۆ داهاتووی مرۆیی(الشرقاوي، ١٩٧٩، ٢٩٥).

**ئەنجام**

١. قورئان بایەخی بە مێژوو داوە و پانتاییەکی فراوانی بۆ دیاریکردووە، ئەم بایەخدانەشی وەک کتێبێکی مێژوویی و گێڕانەوەی ڕووداوەکانی مێژوو نییە بە ورد و درشتییەوە، بەڵکو مەبەست لێی پەندوەرگتن و وانە لێوەرگرتنە.
٢. ئەو شێوازەی قورئان لە باسکردنی ڕووداوە مێژووییەکاندا پەیڕەوی کردووە، شێوازی وەرگتنی لایەنە سەرنجڕاکێش و چیرۆک ئامێزەکان و شێوازی نمونە هێنانەوەیە، چونکە ئەم شێوازە بەئاسانی کار لە ناخی مرۆڤ دەکات، واتا و بابەتە ئەخلاقییەکان لە زەینی مرۆڤەکان نزیک دەکاتەوە.
٣. بەتێڕوانین لە ئەو ڕووداوە مێژووییانەی کە قورئان خستونیەتە ڕوو و بەستنەوەیان بە پرسی ئەخلاقەوە، ئەوە ڕوون دەبێتەوە، قورئان تێڕوانینێکی ئەخلاقی هەیە بۆ مێژوو و بە شێوەیەکی ئەخلاقییانەش ئاراستەی مێژوو دەکات.
٤. جێنشینی کە یەکێک لە چەمکە گرنگ و بایەخدارەکانی قورئانە و ئاماژەیە بۆ درووستبوونی شارستانییەت، بەستراوەتەوە بە لایەنی ئەخلاقییەوە و لەسەر بنەمایەکی ئەخلاقی شارستانییەت درووست دەبێت، لە ڕوانگەی قورئانەوە.

٥. چارەنووسی گەلان و دەوڵەتان و دەسەڵاتەکان بە پێی تێروانینی قورئان بەستراوەتەوە بە پرسی چاکە و خراپە و چاکسازی و گەندەڵییەوە، واتا دەسەڵات و گەلان بە چاکسازی و گەشەپێدانی لایەنی ئەخلاقی دەدرەوشێنەوە و دەمێننەوە، بە گەندەڵی و خراپەکاریش بەرە و ئاوابوون و داڕووخان دەچن.

٦. لەڕوانگەی قورئانەوە مێژووی مرۆڤایەتی لە دروستبوونیەوە و بە بەردەوامیش، گوزارشتە لە ململانێی نێوان چاکە و خراپە و چاکەکاران و خراپەکاران، ئەم ململانێش هەر بەردەوام دەبێت.

## پەراوێزەکان

١ – سورة اليوسف: اية ١١١. واتا" لە سەرگوروشتەی ئەمانە، پەند هەیە بۆ بەئاوەزان." تێبینی:تێکڕای وەرگێرانی ئایەتەکان وەرگیراوە لە:(قورئانی پیرۆز، وەرگێرانی هەژار).

٢ – سورة الاعراف: اية ١٧٦. واتا: " تۆ لەو تەرزە باسانەیان بۆ وەگێرە، شایەتا بیر بکەنەوە."

٣ – سورة الشمس: اية ٩–١٠. واتا:"دیارە هەر کێ گیانی خاوێن ڕاگرتووە، ڕزگار بووە، هەر کەسێکیش دە گوناهیەوە پێچاوە، دۆڕاندوویە."

٤- بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە: سوره البقرة: اية٣٠-٤٠.

٥- بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە: سورة الانعام: اية ٨٣-٩٠.

٦ – بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە: سورة الكهف: اية٩-١١٠.

٧ – بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە: سورة الروم: اية ٢-٤.

٨ – سورة الاسراء: اية ١٣–١٤. واتا:"نامەی ئاکاری هەر کەسمان – وەک تەوق – لە ئەستۆی کردووە و ڕۆژی سەڵا بە نووسراوی سەرئاواڵە، شانی دەدەین، نامەی خۆت بخوێنەرەوە! ئەمرۆ ئیتر هەر خۆت حەسێوگەری خۆتی."

٩ – سورة المائدة: ايات ٢٧–٣٧. واتا: "هەروەها تۆ دەنگ و باسی ڕاستی ڕووداوی نێوانی هەر دووک کوڕانی ئادەمیان بۆ وەخوێنە؛ هەرکام قوربانییەکیان کرد، لە یەکێکیان قبووڵ کرا و لەوی تریان وەرنەگیرا [ئەوی کە لێی وەرنەگیرا، هەڕەشەی لەوەکەی تر کرد] گوتی: من دەبێ بت کوژم. گوتی: خودا هەر لەو کەسەی قبووڵ دەکا کە ترسی لە خودا هەیە.

گوتی: ئەگەر تۆش دەستم بۆ درێژ بکەی کە بمکوژی، من دەستەوەکەری ناکەم تۆ بکوژم. من لە خودا – کە ڕاهێنەری دنیایە – ترسم هەیە.من دەمەوێ تاوانی کوشتنی من و تاوانی خۆت بێتە ملت؛ ئەوسا تۆ دەچییە دۆزەق و تاوانی ناهەق ئەمەیە.ئیتر دڵی هەڵینا کە براکەی خۆی بکوژێ. کوشتی و کەوتە ناو ڕێزەی زیانبارەکان .خوا قەلەڕەشەیەکی نارد، خەریک بوو زەوی دەکۆڵی بۆ ئەمەی پێی نیشان بدا کە چۆن جەندەکی براکەی لە خاکا بشارێتەوە. گوتی: ئەی لە خۆم نەگبەتێ! چۆن نەمزانی وەک قاڵاو بجووڵێمەوە و لاشەی برای خۆم وەشێرم. [بەم کردەوەی] هاتە ڕێزەی پەشیمانان."

١٠ – سورة التوبة: اية ٢٥. واتا: "خودا لەگەلێک شوێناندا دەهاناو هات؛ ڕۆژی حونەینیش هەروەها؛ کە هەرچەندە بە زۆری خۆتان دەنازین، کە چی هیچ بەهرەی بۆ نەدان؛ ئەم زەمینە گوشادەتان لێ تەنگ هەڵات. لە دواییدا هەموو پاشەکشەتان کرد و بەرەو دووا گەڕانەوە."

١١ – سورة فصلت: اية ٤٠. واتا: "چی خۆتان حەزدەکەن بیکەن؛ ئەو لەهەرچی ئێوە دەیکەن، چاوەدێرە."

١٢– سورة الكهف: اية ٢٩. واتا: "بێژە: ئەمەیە بە ڕاستی لە پەروەرندەتان ڕایە؛ کێ بڕوای پێدەکا، بیکا و کێش بڕوا ناکا هەر نەیکا. ئێمە بۆ ناهەقییکاران کلێکی وامان نێڵ داوە، کە بڵێسەی هەر وەکوو کۆن دەورەی گرتوون."

١٣ – بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە: سورة البقرة: اية ٢٥٦؛ سورة الانفال: اية ٥٣؛ سورة الانسان: اية ٣.

١٤– سورة الصافات: اية٢٤. واتا: "ڕاشیان بگرن! دەبێ پرسیاریان لێ بکرێ."

١٥ – سورة البقرة: اية ٣٠. واتا: " ئەو کاتەی پەروەرندەی تۆ بە فریشتانی ڕاگەیاند: من دەمەوێ بریکارێک لەسەر زەمین دیاری بکەم"

١٦ – سورة الملك: اية ٢. واتا: "ئەوە کە مردن و ژینی داهێناوە، تا ئێوە تاقی کاتەوە کامتان ئاکاری جوانترە. هەر ئەویشە لێبوردەی خاوەن دەستەڵات."

١٧- سورة البقرة: اية ٣٠. واتا: " ئەو کاتەی پەروەرندەی تۆ بە فریشتانی ڕاگەیاند: من دەمەوێ بریکارێک لەسەر زەمین دیاری بکەم؛ گوتیان: تۆ کەسێ وا دێنی لەوێدا خراپە بکا و خوێن بڕێژێ، کەچی ئێمە هەر شوکرانەی تۆ دەکەین و پەسنی پیرۆزیی تۆ دەدەین؟ گوتی: ئەوەی من دەیزانم، ئێوە ئاگاتان لێ نییە."

١٨ - سورة النور: اية ٥٥. واتا: "خوا بەوانەی لە ئێوە بڕوایان هەیە و ئاکارچاکن، بەڵێنی دا: لەم زەمینە دەیانکاتە جێگەنشین؛ هەر وەکوو چۆن ئەوانەی بەر لەوانی کردە جێنشین. دینەکەشیان - کە خۆی پەسندی کردووە - هەر بۆیان دادەمەزرێنێ و ترسەکەشیان بۆ دەکاتە دڵنیایی [تا] تەنیا من بپەرستن؛ هیچ شتێکیش بە شەریکی من نەزانن. هەر کەسێکیش لەمە بەولا سپڵەیی بکاتە پیشە، لە ڕێزەی سەر چەوتەکانە."

١٩ - سورة الهود: اية٦١. واتا: "ئەو لەم خاکەی وەدی هێنان و ویستی ئاوەدانی بکەن."

٢٠ - سورة الذاريات: اية ٥٦. واتا: "من هەربۆیە جندۆکەو مرۆم دروس کرد، بمپەرستن."

٢١ - سورة الاعراف: اية ١٢٩. واتا: " ئێوە بکاتە جێنشین لەم عەرزەدا و بڕوانێ ئێوە چۆن دەکەن."

٢٢ - سورة يوسف، اية ١١١. واتا: "لە سەرگوروشتەی ئەمانە، پەند هەیە بۆ بەئاوەزان."

٢٣ - سورة الاعراف: اية١٧٦. واتا: "تۆ لەو تەرزە باسانەیان بۆ وەگێڕە، شایەتا بیر بکەنەوە."

٢٤ - سورة ال عمران: ايە ١٣٧. واتا: "بەر لە ئێوە زۆر ڕێگا و شوێن تێپەڕیون. جا ئێوە لەم سەرزەمینە گەشتێ بکەن و سەرنج بدەن کە ئاخری کاری هەق بەدرۆزانان بە کوێ گەیشت؟"

٢٥ - سورة السبأ: اية ١٨. واتا: "لە ناو ئەوان و گوندانێ پیتی خۆمان تێخستبوون، چەند دێیەکمان لە پاڵ یەکتر ئاواکرد و مەودای نێوانیانمان بە ئەندازە دانا. دەسا بە شەوان و ڕۆژان - بەبێ ترس - بە ناویاندا دەرباز ببن."

٢٦ - سورة الرعد: اية ١١. واتا: "خوا لە هیچ گەلێک ناگۆڕێ، تا ئەوان دڵیان نەگۆڕن."

٢٧ -سورة الابراهيم: اية ٥. واتا: "ڕۆژەکانی خودایان وەبیر بێنەوە."

٢٨ - سورة الروم: اية٩. واتا: "ئاخۆ هیچ گەشت و گوزاریان لەم زەمینە نەکردووە، تا بڕوانن پێشینەکانی ڕابردوو - کە لەمان تواناتر بوون و زەوییان کێڵاو ئاوەدان تریشیان کرد و پێغەمبەرانیشیان بە نیشانەگەلی ئاشکراوە هاتنە لایان - چییان بەسەر هات؟ خودا غەدری لێ نەکردن؛ بەڵام خۆیان هەر غەدریان لە خۆیان کرد."

٢٩- سورة الاسراء: اية ١٦. واتا: "هەرکە ویستمان شارێک قڕ کەین، دەوڵەتمەنە خۆشگوزەرانەکانی وان، دنەدەدەین بۆ بەدفەڕی و خراپکاری و لە ئاکاما ئازاریان بۆ واجۆ دەبێ؛ ئەوساکە تێکی دەهاڕین."

٣٠- سورة الشعراء: اية ١٨١-١٨٣. واتا: "ڕاست بن لە پێوانەپێوان و زیان بە کەس مەگەیەنن، کێشانەشتان بە تەرازووی بەرانبەر بێ، شت لە مەردم مەدزنەوە و پا دامەگرن لە سەر بەدفەڕی لە هەردا."

٣١- سورة الانبياء: اية ١١-١٥. واتا: " چەند باژێریشمان وێران کرد؛ چونکە ئەوانەی تیا بوون، ستەمکار بوون؛ لە پاش ئەوان خەڵکی ترمان لێ دامەزراند، هەر پێ حەسیان کە ئێمە بە گژیان دادێین، لەپڕێکدا لە ئاوایی ڕایان دەکرد، ئێوە ڕامەکەن و بگەڕێنەوە سەر خۆشگوزەرانی خۆتان و ماڵەکانتان؛ بەڵکوو پرسیارتان لێ بکرێ، وتیان: هەی ماڵ وێران خۆمان! دیارە کە ئێمە ناهەق بووین، هەر دەربارەی ئەمە دەدوان، تا بە دەردی ساقەتەی دووراومان بردن و دان مرکاندن."

٣٢ - سورة الانعام: اية ١٣١. واتا: " بۆیە ئەمەمان ڕاگەیاند کە بزانن پەروەرندەت لە ناهەقی هیچ شارێکی قڕ نەکردووە و خەڵکەکەی بێ ئاگا بووبێ."

٣٣ - سورة العنكبوت: اية٢٤-٢٧.

٣٤ -سورة يونس: اية ١٠.

٣٥ - سورة النساء: اية ١٥٧.

٣٦-سورة الرعد: اية ١٧. واتا: " لەو حەوایە ئاوێکی دارژاندوە، پڕاوپڕی بارستایی نەواڵان دێ؛ لەمی کەفێکی بڵندی هاتەسەر، هەروەک ئەو کەفەی بەهۆی ئاگر دەماندنێ، دێتە سەر کەرستەی خشڵ و ئەسپابی تر. ئا بەم تەرزە خوداش باسی ڕاست و دەغەڵ دەخاتە ڕوو. جا کەفەکە لە ناو دەچێ و هەر ئەو شتەی کە بۆ مەردم بەهرەی هەس دەمێنێتەوە. خودا ئاوا نموونە دەهێنێتەوە."

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم: قورئانی پیرۆز**

**دووەم:سەرچاوە عەرەبییەکان**

**أ- سەرچاوە عەرەبییە دێرینەکان**


١. البيضاوي، ناصر الدين أبو سعيد عبدالله (ت ٦٨٥هـ)، أنوار التنزيل وأسرار التأويل، ط١، تح: محمد عبد الرحمن المرعشلي، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ١٤١٨ هـ..

٢. الرازي، مفاتيح الغيب او التفسير الكبير، ط٣، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ١٤٢٠هـ،

٣. راغب الاصفهانى، حسين بن محمد بن المفضل(ت ٥٠٢هـ)، الذريعة الى المكارم الشريعة، ط١، دار السلام،القاهرة، ٢٠٠٧.

٤. الزمخشري، الكشاف عن حقائق غوامض التنزيل وعيون الأقاويل في وجوه التأويل، ط٣، دار الريان للتراث، بالقاهرة، ١٩٨٧.

٥. الطبري، أبو جعفر، محمد بن جرير الطبري (ت ٣١٠هـ)، جامع البيان عن تأويل آي القرآن، ط١، تح: عبد الله بن عبد المحسن التركي، دار هجر، الرياض، ٢٠٠١.

٦. كيا الهراسي، علي بن محمد بن علي(ت ٥٠٤هـ)، أحكام القرآن، تح: موسى محمد علي وعزة عبد عطية، ط٢، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٤٠٥هـ.

٧. الماوردي، ابي الحسن علي بن محمد(ت٤٥٠هـ)، تسهيل الظفر وتعجيل الالظفر في اخلاق الملك و سياسة الملك، تح: محى هلال سرحان، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨١،

٨. الماوردي، ابي الحسن علي بن محمد(ت٤٥٠هـ)، نصيحة الملوك، تح: خضر محمد خضر، ط١، مكتبة الفلاح، الكويت،١٩٨٣.

٩. النسفي، أبو البركات عبد الله بن أحمد (ت ٧١٠ هـ)، تفسير النسفي (مدارك التنزيل وحقائق التأويل)، تح: يوسف علي بديوي، ط١، دار الكلم الطيب، بيروت، ١٩٩٨.

١٠. النسفي، نجم الدين عمر بن محمد بن أحمد (ت ٥٣٧ هـ)، التيسير في التفسير، تح: ماهر أديب حبوش وآخرون، ط١، دار اللباب للدراسات وتحقيق التراث، أسطنبول، ٢٠١٩.

١١. ولي الله الدهلوي، الإمام أحمد بن عبد الرحيم (ت ١١٧٦هـ)، الفوز الكبير في أصول التفسير، تر:سلمان الحسيني النَّدوي، ط٢، دار الصحوة، القاهرة، ١٩٨٦.


**ب- سەرچاوە عەرەبییە نوێیەکان**


١. أورفوا، دومينيک: تاريخ الفكرالعربى والاسلامي، ط١، المكتبة الشرقية، بيروت، ٢٠١٠.

حجازي، محمد عبدالواحد، القران وفكرة التاريخ، ط١، دار الوفاء، الاسكندرية، ٢٠٠٤.

٢. الحديثي، نزار عبداللطيف، علم التاريخ عند العرب و فكرته وفلسفته، المجمع العلمي، بغداد، ٢٠٠١.

٣. خليل، عمادالدين: التفسير الاسلامي للتاريخ، دار الكتب الاسلامي، قم، د.س.

٤. الدوري، عبدالعزيز واخرون، تفسير التاريخ، مكتبة النهضة، بغداد، د.س.

٥. الزرقانى، محمد عبد العظيم، مناهل العرفان في علوم القرآن، ط٣، مطبعة عيسى البابي الحلبي وشركاه، (د.م.س).

٦. الشرقاوي، عفت: في فلسفة الحضارة الاسلامية، ط١، دار النهضة، بيروت، ١٩٧٩.

٧. صديقي، عبدالحميد: تفسير التاريخ، تر: كاظم الجوادي، ط١، دار العلم، الكويت، ١٩٨٠.

٨. المخلافي، عارف احمد اسماعيل، محاضرات في مدارس تفسير التاريخ، ط١، دار الكتاب الجامعي، صنعاء، ٢٠٠٧.

٩. النشار، مصطفى حسن، فلسفة التاريخ ومعناها ونشأتها واهم اهدافها، ط١، دار الميسرة، عمان، ٢٠١٢.

١٠. نويفرت، انجيليكا،القران والتاريخ علاقة جدلية، تر: اسلام احمد، مركز التفسيرللدراسات القرانية، (د. س. م).
١١. ويدجري، البان. ج، التاريخ وكيف يفسرونه من كونفوشيوس الى توينبي، تر: عبد العزيز توفيق جاويد، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر، ١٩٧٢.

**سێیەم: سەرچاوە فارسییەکان**

١. مطهري، مرتضى: فلسفهء تاريخ، چ٢، تهران، ١٣٨٥هـ.ق.

**چوارەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

1. Donner ,Fred McGraw, Narratives of Origin, The Darwin Press, New Jersey, 1998.